# یاسای تەڵاقدانی بە زوڵم

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:٨**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە( ٨)ی ساڵی (٢٠٠١)
## تەڵاقدانی بە زوڵم

**ماددەی یەکەم:**

ئەگەر مێردێ ژنەکەی تەڵاق داو، دادگا بۆی دەرکەوت کە مێردەکە بەزوڵم تەلاقی داوەو بەو تەڵاقدانەش ژنەکەی زەرەرمەند کردووە، ئەوە، لەو بارەدا، دادگا لەسەر داوای ژنەکە حوکمێکی ئەوتۆ بەسەر مێردەکەدا دەدات کە لەگەڵ باری دارایی و گوزەوان وپلەی زوڵمەکەیدا بگونجێ و زەرەرەکان سەرجەم خەمڵ دەکرێن بەمەرجێ سەرەرای مافە چەسپاوەکانی دیکەی ژنەکە نەفەقەکەشی لە ماوەی دوو ساڵ کەمتر نەبێ ولە(٣)سێ ساڵیش تێنەپەرێ٠

**ماددەی دووەم:**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**